# گەمەکانی تەوافوقی سوننی و رەوشی سیاسی عێراق

**محەمەدی مشیر**

سەرەتای پرۆسەی سیاسی لە عێراقی دوای دیکتاتۆریەتدا بە تەوافوقی سیاسی نێوان هێز و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی عێراق دەستی پێکرد، هۆکاری سەرەکیش لە رێککەوتنێکی سیاسی لەم جۆرەدا ئەوەیە کە عێراق بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی حوکمی دیموکراسی بە خۆیەوە نەبینیوە و هەمیشە لایەنێ یا حزبێکی سیاسی تاکرەوانە کۆنترۆڵی حوکمی ئەو وڵاتەی کردووە، بۆیە رانەهاتن لە پیادەکردنی دیموکراسیەت لە بواری حوکمدا شێوازی تەوافوقی هێنایە ئارا تاکو بەلانسی نێوان هەریەك لەو حزب و لایەنانە رابگرێت کە ساڵانێکی درێژە لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتەدا ن و نە لە دوور و لە نزیکەوە مافی بەشداری سیاسیان نەبووە، جگە لە چەند لایەنێك نەبێت کە لە رووی تێروانین و بۆچوونی ئایدیۆلۆژییانەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ رژێمی دیکتاتۆری پێشوو نییە و دەشێ بگوترێ لە هەمان روانگەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنانە دەکەن کە دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری لە نێو پرۆسەی سیاسییدا بەشدارن، یەکێ لەو لایەنانەش بەرەی تەوافوقی سوننییە و جگە لە چەندج کۆنە بەعسی و کەسایەتییەکی ئیسلامی سوننی مەزهەبی توندڕۆ کەسێکی ئەوتۆ شك نابەیەت لە نێوانیاندا کە پێشتر باکگراوندێکی سیاسی نیشتمانی هەبووبێ و لەنێوەندی سیاسی ئەو وڵاتەشدا ناسراوبووبێ.ئەمە یەکێکە لە دەرەنجامە خراپەکانی ئەو تەوافوقە سیاسییەی هەر لە سەردەمی مەجلیسی حوکمەوە تا ئەمڕۆکە لە نێو عێراقدا درێژەی هەیەو بەردەوامە. لایەنە سوننییەکان هەر لە ناسیۆنالستەکانیانەوە بگرە تادەگەیتە ئیسلامییەکان داخی رووخانی رژێمی پێشوویان لە دڵ دەرنەچووە و تا ئێستاش هەوڵی دروستکردنەوەی دەوڵەتێکی ناوەندی سەرکوتکار دەدەن و بە گیانی نەگونجان و ناتەبایی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا دەکەن ئەگەرچی باس لە تەباییش بکەن. پێشتر زۆربەی ئەو لایەنانەی لەو بەرەیەدا کۆبوونەتەوە ئامادەنەبوون لە پروسەی سیاسیدا بەشداربن، بەڵکو بەکردە هەر زوو دژی وەستان ، بەڵام لە رێگەی پرەنسیپی تەوافوق ولە ژێر فشارو چاودێری ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان گەڕانەوە نێو پرۆسەکە و بەو گەڕانەوەشیان لە دوای دوایین هەڵبژادنەکانی 2005/12/15 وە، تائێستا تێکڕای هەڵوێستەکانیان ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوان و هاوشێوەکانیان نیازییانە پرۆسەی سیاسی بگەڕێننەوە خاڵی دەسپێك و سەرلەبەری پرۆسەکە هەڵوەشێننەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پرەنسیپی تەوافوق شێوازێکی سەرنکەوتووانەی سیاسییە و ئاکامە سیاسییەکانی ئەم دواییەش (هەوڵی دەسکاریکردنی دەستوور و پێشگرتن لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 و رازی نەبوونیان بە فیدڕاڵیەتی هەرێمەکان و تەنانەت فیدڕاڵیبوونی هەرێمی کوردستانیش) راستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. دەرەنجامی تەوافوق پۆستی (سەرۆکایەتی پەرلەمان) بە بەرەی تەوافوقی سوننی ناوبراو سپێردرا و کەسایەتیەکی نەناسراو و بەدرەفتاری وەك مەحمود مەشهەدانی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو پۆستە گرنگەی پێسپێردرا لە کاتێکدا لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە پێی رێژەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی ناوبراودا دەیتوانی ئەم پۆستە وەك ئیستحقاقێکی یاسایی وەرگرێ نەك پۆستی سەرۆك کۆمار. پالاوتنی مەشهەدانی بۆ ئەم پۆستە گرنگە رێك ئەوە دەگەیەنێ کە بەرەی ناوبراو هیچ کاتێك بە لایەوە گرنگ نەبووە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە شێوەیەکی رێکوپێك بەرێوەبچێ، بەڵکو گرنگ ئەوەبووە کات وەدەست بهێنن و کەشێکی بارگاوی لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دروست بکەن و لە ئاوی لێڵدا راوی دەسکەوتە سیاسییەکانی خۆیان بکەن و، دەرەنجام تەواوی پرۆسەکە دوای بەهێزکردنی پێگەی خۆیان هەڵوەشێننەوە. بۆیە بۆ ئەم قۆناغەیان کەسێکی گێچەڵاوی و بێ دیسپلینی وەك

(مەشهەدانی)یان دەستنیشانکرد بێئەوەی گرنگی و بایەخی ئەم پۆستە لەم قۆناغە هەستیارەی عێراقدا رەچاوبکەن.
ئەمەش ئامانج دەپێکی، چونکە رابردووی حزبی بەعسیش لە رێگەی کەسانی وەك مەشهەدانییەوە بە درێژای پتر لە 35 ساڵ عێراقیان دووچاری سێ جەنگیماڵوێرانکار و کارەساتاوی کرد و تەواوی ئازادییەکانیان خستەژێر پێ و سەرجەم مافە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانی پێکهاتە ئیتنییەکانی عێراقیان پێشێل کرد و کردیاننە قوربانی قسە و هەڵوێستە پووچەکانی ملهوڕێکی تاکڕەوی وەك سەدام حوسێن.

گەمە سیاسییەکانی بەرەی تەوافوقی سوننی هەر لە سەرەتاوە روون و ئاشکرابوون و پتر لە جارێکیش راشکاوانە رایانگەیاندووە کە ئەوان بەو سیستەمە سیاسیەی ئێستاکەی عێراق رازی نین و بە گوتەی ئەوان چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، لە راستیشدا ئەمە هەڵوێستی راگەیەندراوی تەواوی رژێمە عەرەبی وسوننی مەزهەبەکانی ناوچەکەیە.

ئەو هۆکارانەی هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەم بەرەیە بەو ئاڕاستەیەدا دەبەن دەکرێ لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکرێنەوە:

یەکەمیان: سەرباری ئەوەی کە لە رووی مەزهەبییەوە سوننە کەمینەن ، بەڵام لەوەتەی دامەزرانی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921 ەوە، حوکم بەدەست بوون و زۆرینەی شیعە و کوردیان بە درێژای ئەو مێژووە سەرکوت کردەوە و لە تەواوی ئازادییەکان و مافە مەدەنی وسیاسی ئابووری و رۆشنبیری و.... بێبەشیان کردوون، بۆیە هەرکە رژێمی دیکتاتۆر و شۆڤێنیستی بەعس لە ناوچوو هەردوو لایەنی شیعە و کورد وەك زۆرینە چەندین پۆستی سیاسی گرنگیان وەدەست هێنا، ئەمەش زەنگێکی مەترسی بوو بۆ زۆربەی ئەو لایەنە ناسیۆنالیست و ئیسلامیانەی کە خۆیان لە دەرەوەی دەسەڵات بینییەوە و هەرگیز خۆیان بەو لاوازییە نەهاتبووە بەرچاو. بۆیە بۆ گێرانەوەی ئەو دەسەڵاتە هەرچییەکیان لەدەست هاتبێ بەهاوکاری رژێمە عەرەبییە سوننە مەزهەبەکانی ناوچەکە درێغیان تێدا نەکردووە و تا ئێستاش بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی زۆرینەی شیعە و کورد لە عێراقدا پەنایان بردۆتە بەر پاشماوەکانی بەعس و ئەو گرووپە تەکفیری و چەکدارییە گومانلێکراوانەی رۆژانە لە رێگەی کردە تیرۆریستییەکانیان گیانی سەدان هاووڵاتی سڤیل دەکەنە ئامانج و دۆخی ئاسایشی عێراقییان شێواندووە.

دووەمیان: سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی 2005/12/15 دا، سەنگی سیاسی کوردی لە هاوکێشە و پڕۆسە سیاسییە تازەکەی عێراقدا ئاشکرا کرد، ئەمەش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ هێز و حزبە سوننەکان کە ئیدی ناکرێ کورد وەك ساڵانی رابردوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و بە هەمان چاوی جاران سەیری داواکارییەکانی بکرێ، بۆیە چەندین جار بەرەی ناوبرا و تەنانەت هەندێ هێزی سیاسی دیکەش هەوڵیان دا لە رێگەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا پارسەنگی هاوکێشە سیاسییەکە بەرەو لای خۆیان پەلکێش کەن و، لە هەمان کاتیشدا بتوانن لە رێگەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە، فشاربخەنە سەر زۆرینەی شیعە و دەسکەوتی پتر بەدەستبهێنن، بەڵام لەم هەوڵەشیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

سێیەمیان: بڕیاردان و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بوار و دەرفەت لە بەردەم ئەو هێز و حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامییە سوننی مەزهەبانە کەمدەکاتەوە کە جارێکی دیکە بتوانن وەك کەمینەیەك کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بکەن و بە ئارەزووی خۆیان سەروەت و سامانی دەوڵەتی عێراق بۆ خۆیان بەکاربهێنن و زۆرینەی عێراق بە(شیعە و کورد)ەوە بێبەش بکەن.

چوارەمیان: هەبوونی سامانی نەوت لە هەردوو ناوچەکانی باشووری عێراق و کوردستان، مەترسی ئەوەی لە لای سوننەکان دروستکردووە، کە ئەگەر سیستەمی فیدراڵی بە شێوەیەکی یەکجارەکی لە عێراقی تازەدا بچەسپێ ئەوا ناوچەکانی ئەوان لە لایەن شیعە و کوردەوە لەو سامانە ستراتیژییە بێبەش دەکرێن ، ئەمەش لەم قۆناغەدا تەنها وەهمێکە و سوننەکان وەك بیانوویەکی لاواز بەکاریدەهێنن، چونکە ریاڵی سیاسی ئێستا و ئایندەی عێراق قەبوڵی

بەراست زانینی ئەو بۆچوونە خەیاڵاوییەی ئەوان ناکات.

پێنجەمیان: سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە سیاسییە دیموکراسییەی عێراق لە رووی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکەوە بەمانای شپرزەیی تەواوی رژێمە گشتگیرە عەرەبەکانی ناوچەکە دێت، بۆیە بۆ پێشگرتن لەو پێشهاتە ئایندەییە لە سوننە باشتریان بۆ نارەخسیٚ تاوەکو لە رێگەیانەوە دەستبخەنە ناو کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراق و دۆخەکە ئاڵۆزتر بکەن و، بە تۆقاندنی پتری  سوننەکانی عێراق پیلانەکانیان بۆ لەباربردنی ئەزموونەکە جێبەجێبکەن.

لەبەر رۆشنایی ئەو خاڵانەی لە سەرەوەدا باسمان کردن، دەشیٚ بگوتریٚ پەشیمانبوونەوەی بەرەی ناوبراو لە لادانی مەشهەدانی لە پۆستەکەیی و دانانی کەسێکی دیکە لە شوێنی ئەو، گوزارشت لە راستی ئەو بۆچوونەدەکات کە زۆرینەی حزب و لایەنە سیاسییە سوننەکانی نێو بەرەی ناوبرا و ،  هەر لە سەرەتاوە بە مەبەستی کۆسپ خستنە بەردەم بەرێوەچوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەشدارییان کردووە و بە هەمان میتۆدی دیماگۆگیانەی جارانی بەعس رەفتاردەکەن. رەنگە بەرەی قاهیرەش ئاشکراترین بەڵگە بیٚ لە سەر عەقلیەتی کودەتاخوازانەی سوننەکان، بۆیە هیچ سەیر نییە ئەمرۆکە بڕیارێك بدەن بەیانی لێی پەشیمان ببنەوە، ئەمەش لە ئاکامدا دەچێتە خانەی رێزنەگرتن لەو تەوافوقە سیاسییەی کە لە بنەڕەتدا ئەوانی هێنایەوە نێو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و، هەر گۆڕانێکی نێگەتیڤیش لە ئایندەی نزیکی عێراقدا روودبات سوننەکان بە هەردوو باڵی ناسیۆنالیست و ئیسلامییان لێی بەرپرسیارن .